# مەشعان جبوری و کەناڵی زەوڕا

**دڵزار حەسەن**

دیارە قسەکردن لەسەر بوونەوەرێکی وەك مەشعان جبوری و کەناڵی زەوڕا راماندەکێشێتە نێو باسێکی گەرمتر و کراوەتر کە ئەمیش داڵدەدان و هێشتنەوەی ئەو جۆرە کەسانەیە لەنێو هەرێمی کوردستاندا ، هەموو لایەکیشمان دەزانین کە مەشعان جبوری تا سەر ئێسقان پیاوێکی شوفێنی و بەعسی و کەلەڕەقی سوونەیە و هیچ کاتێکیش سڵی لەبەعسی بوون و رەگەزپەرستیەتی و سونەچیەتی خۆی نەکردۆتەوە.

ئەو دەمانەی رۆژنامەکەشی لەشاری هەولێر رەواجی هەبوو ، لەولاوەش بەسمینار و کۆڕو کۆبوونەوە گەرمەکانی لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەولێرەوە چەپڵەی بۆلێدەدرا و ئەمانیش بە ئەقڵی پێشکەوتوخوازی ئەو سەردەمە پێشوازییان لێدەکرد ، داخەکەشم هەموو ئەو ماستا و ساردکردنەوەی ئەو سەرکردانانەشمان بۆ ئەو مێشك بەعسی و شۆڤینیە تەنها لە بەرامبەر ئەوە بوە کە مەشعان جبوری لە رۆژنامەکەیدا پارتی و جەنابی بارزانی بەتاکە سەرۆك و حزب زانیوە لە کوردستاندا . بەو شێوەیە بازاڕی ئەو کەسە مشەخۆر و بەربادە هەر رۆژە و بەشێوەیەك گەرم دەبوو تا ئان و ساتی روخانی رژێمی بەعس و دەستگیرکردنی سەددام و دارودەستەکەی ، ئیدی مەشعان جبووری خۆیکرد بە حاکمی موتڵەقی شاری موسڵ و ئەوەندەی پێنەچوو بەهۆیها و بەردبارانکردن شار بەدەریانکرد ، تا ئەو رۆژەی لەسەر گیرفانی عەرەبی سوونە و بە عسی و کۆنە ئیسلامیەکان کورسیەکی لە پەرلەمانی بەغدا بۆخۆی مسۆگەرکرد ، بەرە بەرەش ئەو زاتە ناموبارەکە لەپەنای دزیکردن و گەندەڵی و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی حکومەت ، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی بۆ دووبەرەکی و چاندنی تۆوی دژایەتی لە نێوان سوونە و شیعە لەلایەك و کوردەکانیش لەلایەکی دیکەوە دەدا ، تا ئەو رۆژەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراقی بەمەی زانی و بەکۆی 141 دەنگ" حەسانەی" پەرلەمانی لە مەشعان جبوری سەندەوە و هاتووچۆکردنی لە هەموو عێراقیش لێ قەدەغەکرا ، بەڵام سەد مخابن وەك چۆن هەر لە سەرەتاوە لە شاری هەولێر ئاغایانە تێیدە سوڕایەوە بە هەمان شێوەش لەو ساکەوە تا ئێستاکەشی لەگەڵدابێت لەسەر گیرفانی ئەو میللەتە لە هۆتێلی شیراتۆنی نێو دەوڵەتی دەخەوێت !!!؟ جگە لە خۆشی کەناڵی " زەوڕا "ش کە خۆی بەرێوەی دەبات و 24 سەعات پەخشەکەی لە خزمەتی تیرۆریستان و عەرەبە شۆڤینیە سونەکان و بەعسیەکاندایە . دووبارە دیلێمەوە سەد حەیف و مخابن ئەو کەناڵەش وەك خۆی لە هەموو عێراق مەمنوع و قەدەغەیە تەنها لە شاری هەولێر نەبێت کە بەداخەوە ئێستا کەناڵی " زەوڕا " بەکۆلێك ستاف و لەشکرێك پاسەوانی سیفەت بەعسی لە شارۆچکەی عەنکاوە پەخشی تەلەفزیۆنەکەیان ئاراستەی تیرۆریستان و بەعسیەکان دەکەن بۆ دژایەتیکردنی ئەمریکا و شیعە و دەسەڵاتدارانی عێراقی لەبەغدا .

لێرەدا بۆ ئەوەی نەبینە هۆی داڵدەدانی تیرۆریستان و مێشك بەعسیەکان واچاکە مەشعان جبوری و کەناڵەکەی لە هەولێر قەدەغەبکرێت و چیتریش بوار نەدرێت وەك نمونەی ئەو کەسانە هەرێمی کوردستان بە کار بێنن بۆ کاری تێکدەرانە و توندوتیژانە .

بۆیە لە کۆتاییدا داوا لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەت دەکەم سنورێك بۆ ئەو جۆرە خروفاتانە دابنێن کە رەنگە لە ئاییندەدا بوونی ئەو جۆرە شتانە وەك سەر ئێشەیەك بۆ ئێمە بمێنێتەوە .....